**Norweg Komite of Komala Party Iranin - Kurdistan**

# کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی کۆمەڵەو
# کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران لە نۆروێژ

رۆژی دوشەممە رێکەوتی 22 ی 1ی 2006 ی زایینی لە شاری ئۆسلۆلە وڵاتی نۆروێژ لە سەرداوای کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران لە لایەن کۆمیتەی کۆمەڵە لە و وڵاتە وەفدێک سەردانی حیزبی دیموکراتی کرد، وەفدی کۆمەڵە هاوڕیان ئیبراهیم کۆنەپۆشی، حوسەین ئە مجەدی، کەیوان فەتحی ئە ندامانی کۆمیتە ی کۆمە ڵە لە و وڵاتە و هاوڕی مە نسوور سۆفی وە ک دە ستیاری کۆمیتە لە گە ل هاشم رۆستە می بە ر پرسی کۆمیتە ی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران، موحەمەد گادانی، عەلی لالە و کوێستان گادانی ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نۆروێژ بۆ ماوەی چەند کاتژمێر کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا، لەو کۆبوونەوهیەدا سەرەتا لەلایەن وەفدی خانەخوێوە باسێکی تێر و تەسەل لە سەر لەت بوونی حیزبی دیموکرات و رووداوەکانی ئەم دواییانە و هەروەها هێڵە گشتییەکانی حیزبی دیموکراتەوە پێش کەش کراوخوازیاری پیوەندی چڕوپڕ و دولایەنە بوون، پاشان وەفدی کۆمەڵە سەرەڕای دەربڕینی پێناخۆش بوونی خۆی لە مەڕ ئەو لەت بوونەی حیزبی دیموکرات و رووداوەکانی ئەم دواییانەی ناو ئەوحیزبە جەختیان لە سەر هاوکاری و پێوەندی دۆستانەی زیاترکردەوە، دوولایەن سوور بوون لە سەر ئەوەی کە، هاوکاری هێزە سیاسییەکان لە کوردستان بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی مێژووییە ودەبێت لە و پێوەندییەدا هاوکاری و پێوەندی نێوانیان هەرچی زیاتر پەرە پێ بدەن، کۆبوونەوەکە پاش 3 کاتژمێر لە کەش وهەوایەکی زۆر دۆستانەدا کۆتایی پێ هات.

**کۆمیتەی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆروێژ**

23ی 1ی 2006 زایینی


**e-mail:** komala_no@hotmail.com
**tel:** 004792280025
**Postbanken:** 05355661913

**Adress:**
Komala-postboks
115 linderud
0517 Oslo
Norway